

**مافناس – حەسەن ئەیوبزادە**

## بەشی ۲۴

## پێداچوونەوەیەک به پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە دەقی کوردیی کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کورد

## پلانی بەڕێوە بردنی تیرۆری د. قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەرلە ۱۹۸۹/۷/۱۳ لە ڤییەن

تیرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر بە پلانی بەرپرسانی ئۆدەی کارەتایبەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی بە سەرپەرشتیی محمد باقر ذوالقدر[1] و تیرۆریستەکان : محمد جعفری صحرارودی جێگری بەرپرسی ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران و بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئێران لە یاخسەمەر ( ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی و شوێنی ژیان و کاری جەلال تالەبانیی) و هاوکارە کوردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە ۱۹۸۹/۷/۱۳ لە شاری ڤییەن بەرێوە چوو.

ابوالحسن بنیصدر سەرۆک کۆماری پێشتری ئێران بۆ ناساندنی <u>باقر ذوالقدر</u> لە لێکۆلینەوەیەک دا کە بە ناوی "جریان تحول سپاه پاسداران به حزب مسلح سیاسی " لە بڵاوکی انقلاب اسلامی لە ژمارەکانی ۶۹۳–۶۹۴–۶۹۵–۶۹۶– ۶۹۷–۶۹۸ نووسیویە, لەم پاراگرافەی ژێرەوەدا باسی ئەرک وبەرپرسایەتیی باقرذوالقدر بۆ تیرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیمی کردووە :

" با بازگشت نیروها از جبهه ها و تشکیل تیم های متحد با واواک[وزارت اطلاعات و امنیت کشور]، <u>کار ترورهای مخالفین در داخل و خارج از کشور را شروع کردند</u> . طی مدت 8 سال که با ریاست جمهوری هاشمی رفسنجانی و وزارت فلاحیان بر واواک و فرماندهی محسن رضایی بر سپاه همراه بود، سازمان ترور در دولت بوجود آمد و صدها تن در داخل و خارج از کشور با برنامه ریزی ومدیریت این افراد ترور شدند . سازماندهی ترور ، نخست توسط سپاه ، زیر نظر ذوالقدر ، انجام گرفت . او قصر فیروزه را مرکز کرد و در آن، پرونده های کسانی که باید ترور می شدند، تشکیل و برای تصویب مقام رهبری و رئیس جمهوری در اختیار آنها قرار می گرفت ".

به پێی ئەو نووسراوەیەی بەنی سەدر، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەهەشت ساڵ سەرۆک کۆماریی رفسنجانیدا، علی فلاحیان وەزیری دەزگای جاسوسیی رژیم و محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران بوون. لەو ۸ سالەدا تەشکیلاتی تیرۆر لە دەوڵەتدا رێک خراو سەدان کەس تیرۆر کران. رێکخستنی تیرۆر کاری سپای پاسداران بووە کە <u>سەرەتا لەژێر **چاوەدێریی محمد باقر ذوالقدر** ،تیرۆرەکان دەکران .**ذوالقدر کۆشکی فیروزەی** کردە ناوەند و لەوێ پەروەندەی کەسانێک کە دەبوو تیرۆر بکرێن ئامادە دەکران و بۆ بریاردان لەسەر تیرۆرکردنیان دەدران بە رێبەرو و سەرۆک کۆمار رفسنجانی</u>... [1]

وتەکانی ابوالحسن بنیصدر یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران Banisadr Iran Mosahebe بە دەنگی خۆی لەگەل مهدی فلاحتی لە " صدای امریکا " لە سەر " ساختار شبکەترور در نظام ولایت فقیە " وتوێژی لەگەل کردووە و تێیدا باسی باقر دوالقدری دەکا لە خولەکی ۱۲:۵۳ تا ۵۷:۳۳ ببیسن[2]

1 http://banisadr.org/ketab/hezbe_siasi_mosalah.html

بروانە بەشی تشکیل تیم های تررورو ترور مخالفان رژیم در داخل و خارج کشور * به جریان تحول سپاه پاسداران به حزب سیاسی مسلح

2- https://www.youtube.com/watch?v=iD9kG4eZf3Y&t=61s

کەسێک بیهەوێ لە هۆی پێکهاتنی کارەساتی ئەنفالەکان، کومەڵکوژییەکانی هەڵەبجە , سەردەشت، زیندو لەچاڵخستنی ٨٠٠٠ بارزانی بکۆڵێتەوە و ئەو جینایەتە دژی مرۆڤایەتییانە لە ئاکارە فاشیستییەکانی حیزبی بەعسدا کورت نەکاتەوە، پێویستە لە بەڵگەنامەکانی سەرانی یەکێتیی نیشتمانیی بە تایبەتیی لە: ١- کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا ( دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٨- ١٩٨٤) نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین بروانێ. ئەو کتێبە یەکەمجار لە ١٩٩٩ لە "مەڵبە ندی ئاوەدانی کوردستان "بێرلین

Awadani e.V.Nehringerstr. 12 14059 Berlin ISBN: 3– 9806140–3–4

چاپی دووەم/سلێمانی/ ١٩٩٩ / ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک ژمارەی راسپاردن( ١٠٦ی ساڵی ١٩٩٩/ی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ وەرگیراوە

٢- ئاخر دیداری نەوشیروان مصطفی ئەمین وجەلال تالەبانیی کە لە ماڵی نەوشیروان مصطفی بە بەشداریی شازاد سائیب کۆببوونەوە و لە گوت وبێژێکی کورتدا کۆتایی بە هاوکاریی چل ساڵەیەی ئەو دوو هاوکارەسیاسییە هاتووە.

دوای ئەو دابڕانە، نهێنیی کارەساتەکانی کوردستان ودەوری کەسایەتییەکانی تەنزیمی ینک بە تایبەتیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی وفەرماندەرەکانیان دوای تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ئاشکرابووە. لە و رێکەوتەدا بووە کە تالەبانیی و وەفدەکەی چوبوونە تاران و تەنزیمەکەیان بە پێی رێکەوتنێکی، نەقانوونیی و بێ ئیعتیبار لەگەڵ باقری ذوالقدر کردبوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارن. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا روپەرەکانی ١٠٣ تا ١٠٦.

جیابوونەوەی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفێ لە ٢٠٠٩ بوو بە هۆی بڵاو کردنەوەی بەشێکی زۆر لە نهێنییە سیاسییە/ ماڵییەکانی ی.ن.ک. کارگێڕانی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ کرابوو بە بەشێک لە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.

کردنی ینک بە بەشێک لە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوو بە زەمینە خولقێنی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بۆ دوو رژیمی صدام و خومەینیی و لێکەوتنەوەی : ئەنفالەکان ، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە بە چەکی کۆکوژی شیمیایی ، کۆمەڵکوژیی سەردەشت لە ئاکامی پێکهێنانی ناوەندێکی ئیتتیلاعات لە سەردەشت لە لایەن تەنزیمی ینک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەربەرەکانی شەر بۆ سپای پاسداران ، زیندولەچاڵ خستنی هەشت هەزار بارزانی، ئاشبەتاڵ کردنی هەموو تەنزیمەکانی کوردستان و راکردنیان بەرەو ئێران، راونانی حیزب و سازمانەسیاسییەکانی دێموکرات و کۆمەلە لە هەورامان، تێرۆری رێبەرانی حدکا لە پاریس و بێرلین و فرۆشتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە جیرەیەکی مانگانە ودەسەستبەسەرکردنی ئەندامەکان و کوشتاری رۆژانەیان بە هاوکاریی مەلاعەبدوللا و زانیاریی ینک و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی جێگیر لە سلیمانی و شاروشارۆچکەکانی ناوچەی سەوزی ژێردەسەلاتی ئیتتیلاعاتی سپاو تالەبانیی کە تێرۆری لانی کەم ٤١٣ ئەندامی حدکا و هەزاران رفێندراو، تەسلیمیی، بێسەروشوێن کراو، فرۆشراو لە سێ فلیقانەی ١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران٢- حیزبی دێموکراتی کوردستان - تەزویریی- مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، ئەو حیزبە کڵیشەی حیزبە کارتۆنییەکەی مەلا ماتۆری سەردەمی رژیمی صدامە کە بە راسپاردەی محمود احمدی نژاد و تالەبانیی لەلایەن مەلا عەبدوللاحەسەنزادە و تاقمێک لەو کەسانەی کە لەبەرشورەیی کارەکەیان نەیانویست ناوەکانیان بڵاو بکرێتەوە، چێ کرا. دوای ئیفلاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتیی شۆرشگێر و چوونەوەی ژێر دەسەڵاتی مەلاعەبدوللا - تالەبانیی - محمود احمەدی نژاد ودروست کردنی کەلاکە تەنزیمێک بە ناوی حدک - تەزویریی لە لایەن تالەبانیی و ئەحمەدی نژاد و مەلاعەبدوللا و ژمارەیەک لەدوژمنانی د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی نومایشیی درامیی " ئەیان کوژن و بۆشیان ئەگرین " درێژەی کێشا. تەقاندنەوەی دوو بۆمبی فۆسفۆریی لەلایەن دوو ئەندامی حدک - تەزویریی لە شەوی یەڵدا جینایەتگەڵێکی دیکە بوون کە بە ەجینایەتەکانی بەرێ مەلا عەبدوللاو تیمەکەیەوە لکێنداران.

نەوشیروان مصطفی دەساڵ بەر لە پساندنی ئاڵقەی پێوەندیی خۆی بە تالەبانییەوە بە نووسینی بەشێک لە واقعییەتەکان کە گرنگترینیان پێوەندیی بە کارەساتەکانی کوردستانەوە و خولقاندنی زەمینەیی پێکهێنانەکانیان بووە ویستوویە خۆی لەو بەرپرسایەتیانە بەدور رابگرێ. بەپێی بەڵگەنامەکان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ینک و بە تایبەتیی شەخسی تالەبانیی پێکهێنەری دەرفەت بۆخولقاندنی ئەو کارەساتانە بۆ

دورژیمـــی ئاکـــار فاشیســـتی بـــەعس و کۆمـــاری ئیســـلامی نـــاودێر کـــراوە. بـــۆ ناســـینی ئـــەو دوو کەســـایەتییەی‌ینک و هـــۆی دابرانەکـــەیان پێویســـتە کتێبـــەکانی نەوشـــیروان مصـــطفی ئـــەمین: ١– لـــە کـــەناری دانۆبـــەوە بـــۆ خـــڕی ناوزەنـــگ ( دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥– ١٩٧٨

٢– پەنجەکان یەکتریی ئەشکێنن( دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩–١٩٨٣

٣– خولانەوە لە ناو بازنەدا ( دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٨ –١٩٨٤ )بخوێنێتەوە.

نەوشـــیروان مصـــطفی لـــە دایکبـــووی ١٩٤٤ە . لـــە ٢٦ســـاڵی تەمـــەنی دا چووەتـــە نـــاو گەمـــەی سیاســـەتەوە و لـــە ١٩٧٦لەگـــەل تالـــەبانیی یـــەکێتییان دروســـت کـــردووە و لـــە مـــانگی دەی ٢٠٠٩ لێـــک تـــرازاون. ســـەرنجراکێش تـــرین کارەکـــانی نەوشـــیروان مصـــطفی نووســـراوەکانی نـــاوبراوە. لـــە هەرچێیـــەک بـــاس لـــە وشـــەی یـــەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان کـــراوە بـــە پێچەوانـــە کـــار بـــۆ دابـــڕان و لـــەت و کـــوتی ناومـــاڵی کـــورد مەبەســـت بـــووە. بروانـــە شـــەڕەکانی ینـــک لەگـــەڵ هـــەموو تـــەنزیم و ســـازمانە سیاســـییەکانی کوردســـتان.نموونەیەک لـــەو نەوعـــە رەفتـــارە بەڵگەنامـــەی ژمـــارۆ ٣٢ ، نامـــەی جـــەلال تاڵـــەبانیی بـــۆ جـــەبار فـــەرمان ســـەبارەت بـــە پێـــک گەیشـــتنی تالـــەبانیی لەگـــەڵ ئێرانـــە کـــە ســـکرتێری ی.ن.ک. بـــە خـــەتی خـــۆی نووســـیویە. بـــۆ خوێندنـــەوەی ئـــەو نامەیـــە کرتـــە بـــۆ ئێـــرە، ئێرە، ئێـــرەو ئێـــرە بکـــە و Ctrlدابگرە!

نـــەو شـــیروان مصـــطفی لـــە ســـەربەرگی کتێبـــی ســـالەکانی ١٩٧٩– ١٩٨٣ ئـــەزمونی خـــۆی لـــە جیهـــانی سیاســـەتدا و گەیشـــتن بـــە دەســـەلات بـــە هەرقیمـــەتێک بـــاس کـــردووە. دەکـــرێ ئـــەوە بـــە مانیفێســـتی سیاســـیی ئـــەو تەنزیمـــە نـــاودێر بکرێ.

مانیفێســـتی سیاســـی نەوشـــیروان مصـــطفی کلیشـــەیەک بـــووە لـــە ئـــەزمون وراهێنراوەکـــانی شـــاگردەکانی خانبابـــا تهرانـــی وەکـــو کـــورش لاشـــایی و هاورێکـــانی کـــە دوای گەڕانـــەوەیان لـــە ولاتـــی چـــین لـــە ســـەردەمی مـــائۆدا کـــە چووبوونـــە باشـــوری کوردســـتان لـــە (بـــەکرەجۆ) بـــۆ مـــاوەی چوارمانـــگ فێـــری سیاســـەتیان کردبـــوون. ئـــەوەی لـــە کتێبەســـورە کـــەی مـــائۆفێری ببـــوون بـــە قوتابیـــەکانیان و دوو لـــەو کەســـانە : تالـــەبانی و نەوشـــیروان مصـــطفی فێرکردبوو. مانیفێستی سیاسیی نەو شیروان لەروپەری کتێبی پەنجەکان یەکتیری ئەشکێنن ئەوە بووە[3]:

توتە برای توتە ، بالابەرزە، دۆشاومژە ، ئەسپێکوژە پێنج برابوون

توتە وتی بابچین بۆ دزی !

برای تونە وتی لە کوێ؟

بالابەرزە وتی: لە ماڵی خوا!

دۆشاو مژە وتی حەرامە.

ئەسپێکوژە وتی : لە دینی ئێمەدا هیچ شتێ حەرام نیە.

لە ناو خۆیان بو بەشەریان .چواریان یەک کەوتن بۆ راونانی پێنجەم

ئـــەو دوو کـــارگێرە سیاســـییەی ی.ن.ک ( تالـــەبانیی و نەوشـــیروان مصـــطفی)، بـــە پێـــێ ئـــەو مانیفێســـتە سیاســـیی یـــە لـــە ١٩٧٠ وە تـــا پلێنـــۆمی چـــواری ینـــک وێکـــرا تەنزیمەکـــەیان بـــەرێوە بردبـــوو. [4] ئـــەوەش ئـــاخر دیـــداری ئەدووکەســـە بـــووە کـــە لەکۆبوونەوەیـــەکیان دا بـــە بەشـــداریی شـــازاد ســـەعید( یـــەکێ لـــە بەشـــدارانی وتـــوێژی قۆنـــاخی یەکـــەمی د.قاســـملوو وتێرۆریســـتەکان کـــە لەلایـــەن تالـــەبانیی و نەوشـــیروان مصـــطفی لـــە ڤییـــەن رێـــکخرابوو لەلایـــەن نەوشیروان مصطفی ئەمینەوە بلاو کراوەتەوە.

هـــەوڵی دیـــداری ئـــەو دوو کەســـایەتییە لـــە لایـــەن تالەبانییـــەوە بـــووە کـــە نەوشـــیروان رازیـــی بکـــا رێفۆرمێـــک لـــە تەنزیمەکەیاندا بکەن. ئەو دیدارە لەماڵی نەوشیروان و بە بەشداریی شازاد سائیب کرابوو.

---

2– لە باشوری کوردستان وشەی پەنجە بە قامک ، تلی و ئەنگوست دەگوترێ. لە رۆژهەلاتی کوردستان پەنجە دەست و قامکەکانێتی. بە وتەی نەوشیروان مصطفی توتە قامکە چکۆلەی دەستە،

4 http://archive.sbeiy.com/ku/ArticleParts.aspx?PartID=41&ArticleID=2426&AuthorID=36

*نەوشیروان مستەفا دەنووسێ: " لەوەوپێش زۆر کەم سەردانی مام جەلالم ئەکرد وازم لەو کەمەیش هێنا. بە تەواوی خۆمم لێ دورخستەوە."" لەو ماوەیەدا هەم سەلاح رەشید کە وەزیری مافی مرۆڤ و هەم شازاد سائیب کە وەزیری کشتوکاڵ بو، لە گەڵ من لە هەمان ماڵ ئەژیان."" شازاد بە نابەدڵی لە ژێر گوشاری مام جەلالدا وەزارەتەکەی قبوڵ کرد بو. پێش ئەوە نوێنەری یەکێتی بو لە تورکیا. زۆر کەم هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد". "سەلاح لە هەمومان زیاتر هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد. رۆژێکیان سەلاح پێی راگەیاندم: مام جەلال پێی وتوە کە ئەگەر شەو لە ماڵ بم، مام جەلال ئەیەوێ بۆ قسە کردن بێتە سەردانم. پێم وت باشە لە ماڵ چاوەڕێی ئەکەم، بەڵام پێم خۆشە وەکو شایەت بۆ مێژو: تۆش و کاک شازادیش لە دانیشتنەکەدا بۆ گوێگرتن دابنیشن."*

*"ئێوارە مام جەلال هات. سەلاح خۆی دزیەوە زوتر لە ماڵ دەرچو بو بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبێ. شازاد مابوەوە، دوای ئەوەی ئیزنمان لە مام جەلال وەرگرت، ئەویش لە کۆبونەوەکەدا لە گەڵمان دانیشت."*

*[ " مام جەلال" ]وتی : من دەس پێ بکەم یا تۆ؟*

*وتم: داواکە هی خۆتە فەرمو جەنابت دەس پێ بکە!*

*وتی[ تالەبانیی]: من بە نامە، بە خەتی خۆم و بە قەڵەمەکەی خۆم، رەئی خۆمم لە سەر تۆ نوسیوە، ئەمەوێ بزانم رەئی تۆ لە سەر من چیە و چی بکەین؟.*

*وتم[ نەوشیروان]: لێرە بم یا لە هەر جێگایەکی دنیا بم دژی تۆ نابم. ئیستا جەنابت کەسی یەکەمی وڵاتی، سەرۆکی هەرێمیت، سکرتێری گشتی یەکێتیت، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیت، ئەتوانی فەرمانی کوشتنم دەر بکەی، فەرمانی گرتنم دەر بکەی، فەرمان بکەی وڵات بە جێ بێڵم. گەردنت ئازاد بێ هەر فەرمانێکیان دەر ئەکەی من بێ بەرگری جێبەجێی ئەکەم، بەڵام بەوپەڕی سەراحەتەوە ئەڵێم: <u>باوەڕم نە بە خۆت و نە بە قسەکانت و نە بە حیزبەکەت و نە بە سەرکردایەتیەکەی نەماوە. نە دژتان ئەبم و نە ئیشتان لە گەڵ ئەکەم.</u>*

*بەمە کۆتاییمان بە قسەکانمان و بە دانیشتنەکەمان هێنا."*

*ئەو مانیفبەرنامەسیاسییەی نەوشیروان و تالەبانیی کەسی نەپاراست و ئاخرسەر کە کەسیان نەهێشت ئاوقای خۆیان بوو.*

*بەم جۆرە مانیفێستی سیاسیی" پێنج پەنجە' کۆتایی پێهات.*

**"رێکەوتن"ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ تالەبانیی و باقر ذوالقدر سەرەتایەک بۆ پلانی تیرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی**

دوای پارانەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق لە فەرەیدون عەبدولقادر کە لەگەڵیان پێکبێن و تێبینییەکەی کە لە ئاسۆی کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ ئێران بۆ ناوبراو باس کرد و رژیمی خومەینیی لە باشوری عیراق بە تێشکاو باس کرد و گوتی :

" <u>*ئێمە ناروخێین چونکە دنیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ ئەکا . رۆژێکیش دێ شەڕ تەواو ببێ ئەگەر ئێستاش بێن و لەگەڵمان پێک بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن و هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. خۆ ئەگەر شەر درێژە پێ بدەن ، دوای تەواوبوونی شەری ئێران ئەو جەیشە زەبەلاحە ی بۆ شەری ئەوانمان دروست کردووە ئەیهێنینەسەر ئێوە، ساڵێک وەخت وسەدهەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین بەلام خاکتان بە تورەکە ئەبیژین[ بخوێنەوە ئەکێشین، خاک بە تورەکە ئەکێشرێ، نابێژرێ ] و تەفرو توناتان ئەکەین. ئەوەی نووسرا وتەکانی تاریق عەزیز وەزیری ئەرک وکاری دەرەوەی عێراق بوون."*</u>

فەرەیدون عەبدولقادر لەوکاتەدا کە ئەو ولامە ی بە تارق عەزیز دابۆوە نوێنەری کوردو بەلەنگازانی کیمیابارانکراوی سەردەشت ، هەلەبجەو هەشتهەزار بارزانی نەبوو کە زەمینەی خولقاندنەکەیانی بۆ دوو رژیمی صدام و خومەینیی پێکهێنا. فەرەیدون عەبدولقادر وفواد معصوم، بەرپرسانی سیاسیی و باوەرپێکراوی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە بوون. بروانە کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە بەهاری ١٩٨٨ لاپەرەکانی ٨٨–٨٩. ئەوبەشە دامەزرێنەری ناوەندی کۆکردنەوەی زانیاریی لە هەموو بەرەکانی شەری عێراق و ئێران بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سەردەشت بوون. کوشتاری خەلکی بێتاوانی سەردەشت ئاکامی دامەزراندنی ئەو ناوەندە ئیتتیلاعاتییە بوو کە لە لایەن سەرانی مەکتەبی سیاسیی ینک بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سەردەشت پێک هێنراو رژیمی بەعس بۆ تۆلەکردنەوە لە کورد ئەو کارەساتەی خولقاند. ژمارەی شەهیدەکان بۆمبارەکانی شیمیایی ١٠٩ کەس و بریندارەکا دەهەزار کەس بوون.

وەلامەکەی فەرەیدون عەبدولقادر بۆ ئەو وتانەی تارق عەزیز بەو جۆرەبووە: *" ئەم هەڕەشانە ئێمە ناترسێنێ. کە دەستمان کردەوە بە خەباتی چەکدار ژمارەمان ئەوەندەی پەنجەکانی دەس بو. سەرەڕای ئەو هەموو توندو تیژییەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژی ئێمە بەکارتان هێنا وە بوین بە هەزاران و ئەوەتا ناچاربوون لە میزی گفتوگۆ لەگەلمان دابنیشن"!*

فەرەیدون عەبدولقادر دوای وتەکانی خۆی بۆ داواکەی وەزیری دەرەوەی رژیمی عێراق پردی گەرانەوەی ینکی بۆ پشتیسەر پساند و لەگەل تالەبانیی و وەفدەکەی بەرەو ئیتتیلاعاتی ئێران هەڵکشان، تەنزیمەکەیان لە ناو ئەو دەزگا سیخورییەدا تواندەوە و چارەنوسی خۆیان و خەڵکی کوردیان لە رۆژهەڵات و باشوری کوردستان بە باقری ذوالقدر، تێرۆریستێکی ناسراوی نێودەوڵەتیی ئەسپارد.

نەوشیروان دوای تێشکان و راکردن بەرەو ئێران لە پشتیوانیی کردنی هەڵوێستە خێڵەکییەکەی فەرەیدون عەبدولقادر پەژیوان بووەتەوە و نووسیویە:

<u>" ئەگەرچی فەرەیدون لە شوێنی خۆیدا وەلامی پێویستی بە تارق عەزیز دابۆوە ، بەڵام ئەبو ئێمە هەرەشەکانی طارق عزیز کە بەزمانی حکومەت و حیزبی بەعسەوە کردبوی بە جیددی وەربگرین . لەو کاتەدا خاوەنی گەورەترین عەماری چەک و هێزی چەکدار بون. "</u>

<u>لێرەدا نەوشیروان مصطفی باسی ئەو هەموو کارەساتانە ناکا کە لە نائاگایی خۆیان لە جیهانی سیاسەت و پێوەندییە نێودەولەتییەکان و ئاکامی پشت بەستنیان بە هێزێکی دەرەکیی سەدان هەزار کوردیان بۆ بەرژەوەندیی دورژیمی داگیرکەر تونا کرد. بروانە راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک و داکۆکیینامەکەی نەوشیروان مصطفی لە خۆی لە ژێرناوی " لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!</u>

کاتێ چارەنووسی گەلێک دەکەوێتە دەستی تاقمێکی وەکو جەلال تاڵەبانیی، نەوشیروان مصطفی ، فەرەیدون عەبدولقادر ، فواد معصوم و شەوکەتی حاجی مشیر و باشترین کادرەکانیان بۆ راهێنان و سیخوریی تەسلیم بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران دەکەن دەبێ کورد چاوەروانی ئەو تێشکانانەش بکا و بە سەدان هەزار مرۆڤی کورد بکەنە قوربانیی هەلەو نەزانیی و رقی کوێری حیزب حیزبێنە. بروانە کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە بە هاری ١٩٨٨ نووسینی شەوکەت حاجی مشیر!

فەرەیدون عەبدولقادر بە گوێرەی کتێبەکەی شەوکەتی حاجی مشیر (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە هاری ١٩٨٨ )لەگەل فوئاد معصوم بەرپرسانی سیاسیی بەڕێوەبردنی شەری هەلەبجە بوون . ئەو دوو کەسە نزیکترین کارگێرانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوون. گرتنی شارۆچکەی هەلەبجە و تەسلیم کردنی ناوچەکەی تادەگاتە سلیمانیی و قەلادزە بە ئێران، ئەرکی دیاریکراوی سەرکردایەتیی ی.ن.ک. بووە. بە وتەی فواد معصوم کە لە نامەیەکدا بۆ شەوکەتی حاجی مشیر فەرماندەری عەمەلیاتیی گرتنی شاری هەلەبجەی نووسیبوو ئەو پیلانەی بە " کارە پیرۆزەکە" ناو بردبوو. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

بەرپرسانی سیاسیی ینک بۆ گرتنی هەلەبجە و ناوچەکە لەگەل قەرارگای رمضان کە باقر ذوالقدر بەڕێوەی دەبرد دەوری سەرەکییان هەبووە. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

**بیرەوەرییەک بۆ مێژوو.** نەمر د.قاسملوو باسی لە پێشنیارێکی سەرانی رژیمی بەعس دەکرد کە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی د.قاسملوویان کردبوو. نووسەری ئەم بابەتە خۆی دووجار و لە دوو شوێنی جیاوازدا ئەوەی کەباس دەکرێ لە د.قاسملووی بیستووە. نەسرین خانمی هاژینی د.قاسملووش جارێک ئەورووداوەی بۆ نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە باس کردووە.

دوکتور قاسملوو گێڕایەوە: سەرانی رژیمی بەعس پێشنیاریان کرد کە حدکا و ئەرتەشی عێراق وێکرا لە حاجی ئۆمەرانەوە هێرش بکەنە سەر هێزەکانی رژیم و تاشاری تەورێز راویان بنێن.

هەڵوێستی د.قاسملوو. لەوەلامی ئەو پێشنیارەی سەرانی بەعس دا ئەوە بووە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو کارەناکا. سەرانی بەعس هۆی رەتکردنەوەی پێشنیارەکەیان لە د.قاسملوو پرسیبوو.

–د.قاسملوو : حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بە کارێکی خراپ دەزانێ.

– سەرانی بەعس پرسیار دەکەن: ئەی بۆچی حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان ئەوکارەدەکەن وەبنە کەواسوری بەر لەشکری سپای پاسداران و تاقولایی کوردستان دەیانبەن و سامانی ولاتەکەیان لەسەر داوای پاسدارەکان ئاگردەدەن؟

– د.قاسملوو لە بەرپرسانی بەعس پرسیاردەکا : ئێوە پێتانوایە ئەوکارەی کە ئەو حیزبە کوردستانییانە لەگەل پاسدارەکان دژ بە ولاتەکەی خۆیان دەیکەن باشە؟

– وەلامی سەرانی بەعس: ئەوەی ئەوان دەیکەی بە باشی نازانین و پێمان خراپە.

– د.قاسملوو ئێمەش وەکو حیزبی دێموکرات پێمان خراپە و لەبەرئەوەیە کە حیزبی دێموکرات کاری خراپ ناکا.

– وتوێژکەران چاوێک لە یەکتر دەکەن و بێدەنگیی یەکی قورس خۆی دەخزێنێتە ناو ئۆدەکەوە.

گرنگترین بەڵگە نامەکانی ئەوکارەساتانە لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا و باقی دۆکۆمێنتەکانی سەرانی ینک دا بخوێنەوە! کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

**دانپێدانانی جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بە خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی کوردستان لەو بەڵگەنامانەدا بخوێنەوە:**

١–راپۆرتی جەلال تاڵەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری یەکێتیی نیشتمانیی لە ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ ، کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

٢– داکۆکییناەمەی نەوشیروان مصطفی لەخۆی لەژێر سەرناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

٣–کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە. ئەوکتێبەش کۆکراوەی نامەنهێنییەکانی تالەبانین بۆ کارگێرانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران . نووسراوەکان زۆربەیان بە خەتی تالەبانیی نووسراون. گوایە ئەو بەڵگەنامانە لە روداوی گرتنی شاری هەولێر لە لایەن هێزەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەر داگیرا بوون.

ئەوکتێبە لە لایەن ، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە سەر بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان کۆکراوەتەوە. بەرگی یەکەم و چاپی یەکەمی ئەو کتێبە لە ١٩٩٧ بڵاو بووەتەوە. بەشێک لەو بەڵگەنامانە کراون بە ئینگلیزیی و لە ئیترنێت دا بڵاو کراونەوە . لێنکەکەی لە کۆتایی ئەو روپەڕەدا ببینە[5] !

٤– زانیاریی ئاگاداران و کەسانێک کە لە رەوتی روداوەکانی کوردستاندابوون،

٥ – بڵاوکی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدکا،

٦– کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران، نووسینی پیتر پیلچ ساڵی ١٩٩٧ چاپخانەی ئیبرا و مولدن ،

٧ –لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریش و نوێنەرانی پارلمانی ئوتریش،

٨ – کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان نووسینی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی سپانیۆلیی بە زمانی سپانیۆلیی لە ٢٠٠٨ لە کاراکاس چاپ کراوە. ئەو کتێبە ساڵێک دواتر لە لایەن نووسەرەکەیەوە کراوە بە ئینگلیزیی و رۆژی ٣٠ مانگی ١٢ ساڵی ٢٠٠٩ لە ئەمریکا لەگەڵ هاتووەتە دەر.

رەوانشاد، فتاح کاویان ئەو کتێبەی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردبوو بە کوردیی ومەلا عەبدوللا حەسەنزادە ناسراو بە حیاکیی لە فەرامۆشکاریی و نەخۆشیی شادرەوان کاویان بە مەبەستێکی سیاسیی– جینایی – خیانەتکارانە کەڵکی وەرگرتبوو لە حالێک دا کە ناوبراو ( حیاکی) ئەلف و بێی هیچ زمانێکی دیکەی جیا لە عەرەبیی نەزانیوە، خۆی لە وەرگێڕدراوی دەقی کوردیی کردبوو بە ئێدیتۆر وهەزاران تەزویری لە پێداچوونەوەی دەقی وەرگێڕدراوی دا بۆ پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکان و گۆرینی واقعییەت تێدا کردووە. تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا دانپێدانان و ئیعتیرافی ناوبراون بە هاوکاریی کردنی تێرۆریستەکان و جاسوسیی کردن بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بەشداریی کردن لە جینایەتی کوشتاری ئەندامانی حدکاو رێبەرانی.

5 _ http://www.aina.org/confidential.htm

تێبینی : ئەوە یەکەمین تەزویری ناوبراو بۆ گۆڕینی واقعییەتی جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و سەدان جینایەتی تێرۆریستەکانی سپای پاسداران لە باشوری کوردستان( ناوچەی سەوزی ینک)ڕێبەرانو سەدان ئەندامی حدکا نەبووە. ناوبراولە هەموو رابردووی سیاسیی خۆیدا خەریکی تەزویرو و جاسوسیی و تێکدانی یەک ریزیی و دەرکردنی ئەندامانی لێوەشاوەوە و دڵسۆزی گەلی کورد و پێناسەکردنیان بە پیاوخراپ بووە لە شاعیری میلیی کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە رێبەرانی کورد و حیزبەسیاسییەکانی دیکە.، نووسینی نامیلکەی خەیانەتەکانی قیادەی مووەقەت و پارانەوەی بۆ بایع و جیرەوشکەی سالانی پەنابردن بۆ تالەبانیی و جاسوسیی بۆ ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک،پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی و زانیاریی ینک و صحرارودی و ئەو هەموو درۆودەلەسەیەی کە لە ٧٣٤ لاپەرەکتێبەکەیدا بە ناوی ئەزمونی خەباتدا کردوویە و یەک سەرچاوەی نەبووە و بەناوی شاگردێکی خۆیەوە پرسیاری لە خۆی کردووە و وەلامەکەی خۆی داوەتەوە. بۆ تەزویرکردن و بەلا رێدا بردنی خوێنەرو چەواشەکردنی مێژوو کەڵکی لە هەموو ئیمکاناتێکی حیزبەسیاسییەکانی کوردستان وەرگرتووە.کاتی باس کردن لە تێرۆری رێبەرانی حدکا و سەدان ئەندامی دیکەی حدکا لە باشوری کوردستان تەنانەت چوار مامۆستای زانکۆو خوێندکارێکی نائاگای کۆیەی لە روداوەسیاسییەکان و بە تایبەتیی لە تێرۆری د.قاسملوودا لەداوخستبوو و بە ناوی ئەوخوێندکارەوە بوختانگەلێکی بە د.قاسملوو کردبووو بۆی نووسیبوو کە د.قاسملوو بۆ بۆ وەرگرتنی ئەماننامە چووبوو بۆ وتویژ. ئێستا لە لێکۆلینەوەکان دا نامەیەکی نهێنیی و محرمانەی تالەبانیی بۆ وەزیری ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینیی ئاشکرابووە کە لە کوردستان ژمارە ١٢٧ جۆزەردانی ١٣٦٦ (ژوئەنی ١٩٨٧ ) راگوێزراو لە رۆژنامەی کیهان بووە کە مەلا عەبدولla خۆی تەعلیقێکی هەزەلیی لەژێر سەرناوی رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینی لەسەرنووسیبوو. ئەو بەڵگەنامەیە کە بە نهێنیی لە لایەن تالەبانییەوە بۆ وەزیری ئیتتیلاعات نووسرابوو، دەقاودەق بۆ وەرگرتنی تەئییدیەبووە لە چوار مامۆستای زانستگە کە ئەو بوختانەی تالەبانیی و مەلاعەبدللا حەسەنزادە بە د.قاسملوو بەراست وەربگیرێ و لەلایەن شوێنێکی زانستییەوە ئەووتەی تالەبانیی لە راپۆرتەکەیدا بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات و ئەو بوختانەی مەلا عەبدوللا کە بە زمانی خوێندکارەکەوە کردبووی لە لایەن دەزگایەکی زاستییەوە پشتیوانیی لێبکرێ.

دوای ئاشکراکردنی ئەوکردەوە دزێوەی مەلا عەبدوللا، نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە لەژێر سەرناوی "تێرۆری گیان و ئەندیشە "لە پێنج بەشدا ئەو تەزویرە یەمەلاعەبدوللا و کاری رەمەکیی مامۆستاکانی زانستگەکەی مەحکوم کرد.مەلا عەبدوللا توانای ولامدانەوەی نەبوو. بە ناوی دوو کەسی نائاگا لە واقعییەتەکان داکۆکیی لە خۆیکرد. بۆ خوێندنەوەی ئەو لیکۆلینەوە پێنج بەشییە بروانە سایتی www.rojikurd.info و هەڵویست!

دۆسیە یان فایلی تێرۆری د.قاسملوو چۆن و کێ رێکی خست ؟

باقر ذوالقدر بە وتەی ابوالحسن بنی صدر ئەو کارگێرە ئیتتیلاعاتییەی سپای پاسداران بوو کە پلانی تێرۆری د.قاسملوو ود.شەرەفکەندیی بە هاوکاریی ئیتییلاعاتیی کورد و صحرارودی ( سەرۆکی دەفتەری سەرۆکی دەفتەری سەرکردایەتیی ئێران لە گوندی یاخسەمەر ( ناوەندی ی.ن.ک. و شوێنی ژیان و مانەوەی جەلال تالەبانیی و بنەماڵەکەی دارشتو د.قاسملوو بە ناوی "وتویژ" بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد " بەرەو ڤییەن رکێش کرا. باقری ذوالقدر لە قەرارگای رەمضان سەرپەرشتی دەزگای جاسوسیی واتە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوو. بە پێی زانیاریی ابوالحسن بیصدر باقر ذوالقدر پەروەندەی تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیمی کۆماری ئیسلامییئ ئامادە دەکرد و رفسنجانیی و خامنەیی، وەزیری دەرەی ئێران محسن رضائی ، فلاحیان بریاری بەرێوەبردنیان دەداو ١٨ وەزارەتخانەی دەلەت بەرپرسی یارمەتیدانی تێرۆریستەکان بۆ بەبەڕێوەبردنی تێرۆرکان بوون.

ئیمزاکردنی رێکەوتن ی ١٩٨٦ نێوان باقر ذوالقدر و تالەبانیی و وەفدەکەی قەراردادێکی سیاسیی نەبووە. هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان مافی ئەوەی نییە لەگەل تاقم،گروپ، حیزب، عەشیرەت، ناوخۆیی و دەرەکیی پەیماننامەوشتی لەو بابەتە ئیمزابکا. ئەوەی کە ذوالقدر لەگەل تالەبانیی و وەفدەکەی ئیمزایان کردبوو بایەخی سیاسیی نەبووە. ئەو بریارێکی یەک لایەنەی تاوانبارانەیە کە سەرانی ینک دژ بە کورد دابوویان. هۆی ئەوە کە هیچ دەولەتێکی ئەم جیهانە لە کاتی خۆیدا کردەوەی سەرانی بەعسی مەحکوم نەکرد، جیالەوە شتێکی دیکە نەبوو... بروانە پەیماننامەی ١٩٦٩ ڤییەن!

وەکو گوترا تالەبانیی و وەفدەکەی پێکهاتوو لە: فەرەیدون عەبدولقادر،د.کەماڵ خۆشناو، دارا حەفید، رەفعەت عەبدورەحمان و شێردڵ حەویزی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ " بە بێ بیرلێکردنەوەو لە بریارێک کە دابوویان دوای گەڕانەوەی فەرەیدون عەبدولقادر لە لای تارق عەزیز لەوەرچەرخانێکی کتوپردا لە رێکەوتنێکی نەقانوونی، بێ ئیعتبار و خێڵەکییدا کە لەگەڵ باقری ذوالقدر ئیمزایان کردبوو یەکێتییان کرد بە <u>بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران</u> و شان بەشانی هێزەکانی سپای پاسداران هێرشیان کردە سەرشاری هەلەبجە و

ناوچەکانی و دوای گرتنی تەسلیم بە سپای پاسدارانیان کرد بروانە روپەرەکانی١٠٣–١٠٤–١٠٥ – ١٠٦– ١٠٧ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا و کتێبە کارەساتی هەلەبجە نووسینی شەوکەتی حاجی مشیر!!

بە پێیَ نووسینەکەی نەوشیروان مصطفی ئەمین لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەی ١٠٣ بەر لە ئیمزای ئەو ڕێکەوتنە پێشتر بەشێکی دیکە لە بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی بریتیی لە : دلێری سەید مەجید،فواد معصوم، ئازاد هەورامی، جەبار فەرمان، دارای شێخ جەلالی حەفید، رەفعەت عەبدورەحمان علی پچکۆل، شێردڵ حەویزیی و جەلال عەبدولقادر، بە کۆمەڵ و جیاجیا ناردرا بوون بۆ تاران و لەگەڵ محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران، محسن رفقدوست، وەزیری سپای پاسداران لە تاران و سەردەشتو ورمیَ و کرماشان لەگەڵ کاربەدەستانی اطلاعات و سپای پاسداران کۆببوونەوە. ئەوانە هەموو ئەندامانی بەرپرسی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوون. لە کاربەدەستانی ئێرانییش گوایە چەند کەس هاتبوون بۆ گەڵاڵەی شینکایەتیی ،یاخسەمەرو بەرگەڵوو. نەوشیروان مصطفی نووسیویە کە ئێرانییەکان وەکو ئەوەی لە خەباتی ژێر زەمینییدابن ، هەمیشە ناوی راستەقینەی خۆیان ئەگۆڕی و بە ناوی وەهمی و نهێنییەوە قسەیان لەگەل ئەکردین... کرتە بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە.

## زانیاریی سیاسیی کەسایەتیی دووهەمی ینک و تاڵەبانیی

نەوشیروان مصطفی ئەمین لە لاپەڕەی ٨ کتێبی "لەکەناری دانۆبەوە بۆخری ناوزەنگ "باسی چوونی خۆی بۆ شاری ڤییەن و درێژەدان بە خوێندنی "سیاسەت و پێوەندیی نێو دەولەتان" کردووە ونوسیویە :

*" من خوێندکار بووم لە زانستگەی ڤییەنا ، کە یەکێکە لە زانستگەکۆنەکانی ئەوروپا. وەزارەتی خوێندنی بەرز موافەقەتی بۆکردبوم لە یەک کاتدا دو خویندن تەواو بکەم : زانستی سیاسەت لە" فاکولتێیتی فەلسەفە" و پێوەندیی ناودەوڵەتان" لە " فاکولتێتی قانون". نووسەر ناوی مامۆستا کانیشی نووسیوە.* نەوشیروان مصطفی دوای نووسینی ئەو چەند دێرە لەوە دەچیَ دەستی لە خوێندنی بالاّ هەڵگرتبیَ، چووەتە سەرباسی کەش و هەوای ڤییەن و وەرزش و دارستان و "جومناستیک" و شاخەوانیی و سواریی کە بە" وەرزشێکی "ئاریستوکراتیی' ناوی ناوە و جارێک چووە حەزی لە سواری کردووە لەگەل هاورێیەکی ئەسپێکیان بە کریَ گرتووە و کابرا لێی پرسیوە : سواریی ئەزانیت و گوتوویە بەڵیَ:ئەسپێکی بۆهێناوە ویەکسەر خۆی هەڵدابووە سەرپشتیی... و ئیدی باسی ئەوەناکا کە خوێندنی زانستی سیاسەتی لە فاکولتێتی فەلسەفە و لەپێوەندیی ناو دەولەتان لە فاکولتێتی قانوون بە کویَ گەیاندووە. بە پێی نووسینەکانی خۆی سەبارەت بە " ڕێکەوتنی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەتاران لەگەل باقری ذوالقدر و شرۆڤە کردنەکەی ئەورێکەوتنە نیشانیداوە کە خۆی و مامۆستا تالەبانیی و ئەندامانی وەفدەکەی شارەزاییەکیان لە پرەنسیپ و پێوەندییە ناودەولەتییەکان نەبووە. بەتایبەت نەوشیروان مصطفی کە گوایە خۆی ئەو بابەتەی لە لای پرۆفیسۆر" شتێڤان فیروستا" خوێندبوو؟! دەکریَ بە هۆی قورسیی زمانی ئالمانیی بۆی نەخوێندرابیَ... ئەگەرنا دەبوو بزانیَ تەنزیمێکی نە قانوونیی، وەکو ینک سەربە ولاتێکی دیکە چۆن دەتوانیَ ببێتە هاوپەیمانی دەولەتێکی دیکە کە ئەندامی نەتەیەکگرتووەکانە. ئەورێکەوتنە نەقانوونیی, بیَ ئیعتیبار وخێڵەکییە و کردنی یەکێتیی نیشتمانیی بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدران، پێکهێنانی دەرفەت و زەمینەی پێویست بۆ خولقاندنی هەموو کارەساتەکانی "ئەنفالەکان، کۆمەڵکوژیی شاری هەلەبجە و سەردەشت و کوشتاری ٨٠٠٠ بارزانی و تونا کردنی هەموو تەنزیمە سیاسییەکانی رۆژهەلات و باشوری کوردستانی بۆ دوو رژیمی داگیرکەری ئێران و عێراقی لێکەوتووەتەوە.. کرتە بۆ سەر ڕوپەڕەکانی ١٠٥ و ١٠٦ی کتێبی خولانەوە لەناو بازنەدا بکەو Ctrl دابگرە![6]

## قۆناخی یەکەمی بە ناو ‘‘وتووێژی" نێوان د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە قۆنازی یەک و دوودا

قۆناخی یەکەمی ‘‘وتووێژی نێوان د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەگەڵ دوو تێرۆریستی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بەناوی محمد جعفری صحرارودی و اجوادی (ناوی تەزویریی)’’ بە نووسینی نامەیەکی نهێنیی و ''محرمانە"ی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینیی ڕێکخرا.

پێشتر باسی ئەونامە نهێنیی محرمانەیەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی کرا کە مەلا عەبدوللا حیاکیی ( حەسەن زادە) بە "هەواڵێکی خەبەریی [ بخوێنەوە جاسوسیی ]"ناوی بردبوو کە تێیدا لە لایەن تالەبانییەوە بە وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی راگەیاندرابوو کە: حیزبەکەی د.قاسملوو دوچاری

6 http://www.vidinfo.org/video/115139974

بێسەرەوبەرەیی بووە و نووسیبووی کە گوایە د.قاسملوو لە نامەیەکدا کە بۆ تالەبانیی نووسیبێ داوای لێکردبوو ئەماننامەی بۆ لە کۆماری ئیسلامیی وەربگرێ. علی فلاحیان ئەو کارەی تالەبانیی لە رۆژنامەی کیهاندا لە قاو دابوو. مەلا عەبدوللا لەو کارە نەشیاو و خەبەرە درۆیەی کە لەوهەواڵەدا بلاو کرابۆوە بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە د.قاسملوو بە شێوەیەکی هەزەڵیی هێرشی کردبووە سەرتالەبانیی و رژیمی خومەینیی.

لە قۆناخیەکەمدا قەرار درابوو کە د.قاسملوو لەو قۆناخەدا تێرۆر بکرێ. دوو کردەوەی تێرۆریستەکان و بریاردەرانی پیلانەکە ئەو ئیددیعایە دەسەلمێنن. :

١– کرینی ئاپارتمانێک بە قیمەتی ١٤٥٠٠٠٠ شیلینگ بۆ ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر کە ببوو لە لایەنگری خومەینیی و لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ لەداوخستنی دژبەرانی رژیمی خومەینیی هاوکاریی دەکرد. جەلال تالەبانیی ئەو کابراجاسوسەی بە د.قاسملوو ناساندبوو. پێشتر لە کتێبی " روزها بر رئیس جمهور چگونە میگذرد ،بابەتێکی بنیصدر لەسەر بنبێلا کە ببوو بە لایەنگری خومەینیی و خوازیاری ئەسپاردانی کارێک بۆ بە کردنی بووە بڵاو کرابۆوە.دەقی راپۆرتی پۆلیس لەرکرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا لە لایەن فازل رەسوڵەوە شوێنەکەی لە ڤییەن و دانی قیمەتەکەی لە لایەن فازل رەسوڵەوە نووسرا کە لە دێسامبری ١٩٨٨ واتە قۆناخی یەکەمی وتوێژ کردرابوو.

دووهەم کرینی مۆتۆرسیکلێتێک لەلایەن صحراروديیەوە لە مانگی دیسامبری ١٩٨٨ کە فرۆشەرەکەی رایگەیاند بە متمانەی سەتا نەوەت و نۆ کریاری موتۆرەکە صحرارودی بووە و ناسیبوویەوە.

بەروالەی صحرارودی،تالەبانیی، اجوادی، نەوشیروان مصطفی ئەمین مانگێک لە ڤییەن مابوونەوە واتە لە ٢٥ دێسامبری ١٩٨٨ تا ٢٥ ژانویەی ١٩٨٩ دەبێ لە ڤییەن بووبن، بەلام تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و دوو هاورێی دیکەیان لەماوەی ئەو یەک مانگەدا لە ڤییەن مابوونەوە، بەلام ناوبراوان لە هیچ هۆتێلێک نە بوون. پۆلیس بەشوێنیاندا گەرابوو بەلام نەزانرابوو لە کوێبوون. ئاخر کۆبوونەوە لە ٢٠ ی ژانویەی ١٩٨٩ لە قۆناخی یەکەم بەرێوەچووبوو و بە بێ راگەیاندنی کۆتایی یەکەی کۆتاییيان پێهێنابوو.

کومیتەی نهێنی بۆتێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم بە سەرپەرشتیی باقر ذوالقدر– لە کابینەی هاشمی رفسنجانیدا بۆ لێکۆلینەوە لەسەر ئەو هەوالە خەبەرییەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات کەوتبووە گەر.. رفسنجانی بۆگەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی وتوناکردنی حدکاو هەموو تەنزیمە کوردستانییەکان و خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان لە تاڵەبانیی وهەموو کارگێرانی بەرزی تەنزیمەکەی کە ناوەکانیان لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسراون بە بەربلاویی کەڵکی وەرگرتبوو. بۆ لێکۆلینەوە لەو بابەتانە وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا بروانە ١– کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ،ڕوپەرەکانی ١٠١ تا ١١٤ و گریگترینیان لە لاپەرەکانی ١١٢ –١١٣بخوێنەوە! هەروا بروانە راپۆرتی تالەبانی بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ( ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ و داکۆکییئنامەی نەوشیروان مصطفی ئەمین لە خۆی لەوەلامی جەلال تالەبانییدا چاردەرۆژ دوای بلاوبونەوەی راپۆرتی تالەبانی پۆ پلێنۆمی ٤ ینک. لە ژێر سەردێری :" لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین!

دەقی نامە نهێنییەکەی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم کە مەلا عەبدوللا بە " هەواڵ" ی خەبەریی [ مەبەستی مەلا عەبدوللا جاسوسیی بووە] لە" رۆژنامەی کیهان" ی ژمارە ١٣٠١١ شەشەمی بانەمەری سالی ١٣٦٦ جێی حاشاکردنی بۆ تالەبانیی و تەنزیمەکەی نەهێشتبۆوە. تەنانەت مەلا عەبدوللاحەسەن زادەش دوای بلاو کردنەوەی ئەو "نامە نهێنیی"یە لە لایەن وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینییەوە گاڵتەی پێکردبوو. ناوبراو لە بلاوکی "کوردستان" ئۆرگانی حدکادا کارێکی بە تاڵەبانیی کردبوو کە با بە دەواری شڕی ناکاو نووسیبووی: " رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینیێ"و جەلال تالەبانیی بە نووسەری هەواڵی خەبەریی ( جاسوسیی ) بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان پێناسەکردبوو و ناوەرۆکی راپۆرتەکەی بە فڕوفیشاڵ و گاڵتەی خەبەریی و درۆو دەلەسە ڕاگەیاند بوو و "بەڵێنیی بە هاونیشتمانان" دابوو کە خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەلامی ئەو "فڕوفیشاڵ و درۆودەلەسانە " لە مەیدانی شەڕی رزگارییخوازانەدا بە کۆنەپەرستاندەدەنەوە.

سیاسەتی خۆنزیک کردنەوەی تالەبانیی وتیمەکەی لە د.قاسملووو حدکا ، ناردنی تیمە جاسوسییەکانی صحرارودیی جێگیر لە یاخسەمەر بە ناوی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی حدکا لە گەورەدێ، راکێشانی مەلاعەبدوللا حیاکیی و ئەندامانی مالەکەی و تەنانەت خزمێکی بە ناوی خدر ئیبراهیمی ناسراو بە ئازادی کوری عەلی بالە کە لە روداوی گوللەبارانکردنی سەید منصور ناصری، سامال ئیسماعیلیی، رەفعەت حوسەینیی و

یەدوللا شیرین سوخەن جاسوس بوونی خۆی و پێوەندیی مەلاعەبدوللا بە تێرۆریستەکانەوە سەلماند و رای کرد و سالێک دواتر بۆ ئاشکرانەکردنی دەوری مەلا عەبدوللا لەو هەموو جینایەتەدا بەشێوەی داعش لە نزیک گوندی گاگەش لە محالی مەنگور لە لایەن سێ کەسی ناردراو لە لایەن مەلاعەبدوللاوە لەت و کوت کرابوو.

بەشداران لەوتوویژی قۆناخی یەکەمدا بەو ناوانە ١- محمد جعفری صحرارودی ناسراو بە رەحیمی یان ئەمیر ٢- اجوادی، حاج مصطفی مصطفوی ) لەلایەن جەلال تالەبانیی‌یەوە بە ناوی نوێنەرانی نیزام، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەرانی سەرۆک کۆماری ئێران بە د.قاسملوو ناسێندرا بوون.

محمد جعفری صحرارودی دوای رێکەوتنی جەلال تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل محمد باقر ذوالقدر لە ١٩٨٦ بە ناوی سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران ( بخوێنەوە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران) ناردرابوو بۆ یاخسەمەرو تا رۆژی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەو شوێنە مابۆوە. بە پێی نووسراوەیەکی پیتێر پیلچ نووسەری کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران صحرارودی لە هیرشی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران‌دا بە یارمەتیی ٣٠٠ پێشمەرگەی ینک بۆسەر ژنو ژاڵی ئەندامانی حدکا بەشدار بووە.

سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ لەسەر پێوەندیی‌یەکانی تالەبانیی وتەنزیمەکەی بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانو وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم کتێبی " شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە" . ئەو کتێبە لەلایەن پارتی دێموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم سالی ١٩٩٧ " دیراسەی ژمارە ٢٩" بلاوکراوەتەوە. سەرنجراکێشە کە بەشێکی زۆر لەو پێوەندیی‌یانەی تالەبانیی و تەنزیمی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کراوە بە ئینگلیزیی ولە ئینترنێتدابلاو کراوەتەوە. کرتەیەک بۆسەر ئەو لینکە[7] بکە وCtrl دابگرە![8]

ئەندامانی ئەو وەفدەی کە لە تشرینی یەکەمی سالی ١٩٨٦ بەسەرۆکایەتیی جەلال تالەبانیی بۆ ئیمزاکردنی "رێکەوتن"نامە ( تواندنەوەی ینک لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران) چووبوون بۆ تاران، بریتیی بوون لە:

١- فەرەیدون عەبدولقادر ٢- د.کەمال خۆشناو ٣- دارا حەفید ٤- رەفعەت عەبدورەحمان ٥- شێردڵ حەویزیی[2]. سەرجەمی زانیاریی‌یەکان لە سەر محمد باقری ذوالقدر لە نووسراوەکانی ابوالحسن بنی صدر، سەرۆک کۆماری سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەرگیراون کە پێشتر ئاماژەیان پێکرابوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrl دابگرە !

ئەوەی کە تائێستا بلاوکراوەتەوە تەنیا بەشێکی رەسمیی و سەرەتایی ئەو بەڵگەنامانەن بوون کە لە لایەن بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی بە تایبەتیی جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی، کەمال فواد، فەرەیدون عەبدولقادر، فواد مەعسوم و شەوکەتی حاجی مشیر کە پێوەندیی سەرەکیی‌و راستەو خۆیان بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە هەبووە بڵاو کراونەوە. کرتە بکە سەر ئەو ژمارانە ٨٨- ٨٩- ٩٠- ٩١ و Ctrl دابگرە !

لەبەشی ٢٣ دا نووسرا کە لێرە بەدوا قۆناخی دووهەم بۆ بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە ١٣/٧/ ١٩٨٩ بە پێی رێکەوتی روداوەکان باس دەکرێ. بۆ کردنەوەی ئەو باسە پێویستە لەسەرەتادا ئاماژە بە رێکخستنی ئەوپلانە بۆ قۆناخی وتویژی دووهەم بکرێ. ئەو بەشە هەرگیز لە لایەن رێکخەرانی ئەو پلانەوە و بە تایبەتیی تالەبانیی، کەمال فواد، فواد معصوم و نەوشیروان مصطفی باس نەکراوە. کەمال فواد و فواد معصوم نوێنەرانی تەنزیمی ینک لە ئالمان و تاران بوون ئەو دوو کەسە لە رەوتی روداوەکان بە تەواویی ئاگادار بوون.

کەس نەیزانیبوو کە د.قاسملوو چۆن و بە چ مەبەستێک چووبوو بۆ ڤییەن. تەنانەت د.شەرەفکەندیی بەو سەفەرەی د.قاسملووی نەزانیبوو، بەلام زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی ینک و ئەندامانی رێکخراوی ینک لەو لەو سەفەرەی د.قاسملوو بۆ ڤییەن ئاگادار بوون. تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی خەبەری تێرۆرەکە، تالەبانیی لە رادیۆ تارانەوەو پێش ئەوە کە پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ڤییەن کە دوو تێرۆریستە گومانلێکراوە کەیان لە بەردەستدا بوو هیچیان بۆ گوتن لەسەر ئەوروداوە بڵاو کردبێتەوە تالەبانیی لە رادیۆ تارانەوە رژیمی صدام ی بە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر و ئەندامی تەنزیمەکەی خۆی تاوانبار کرد. هەرگیز نەبیستراوە مافناسێک، وەکیل (محامیی) ، دادوەرێکی لێکۆلینەوە و تەنانەت پۆلیسێک بە بێ لێکۆلینەوە لە تاوان، تاوانبار بوونی کەسێکی بە ئاشکرا بە هەموو جیهان رابگەیەنێ. بەلام تالەبانیی "مافناسی کورد" کە دواتر کرا بە سەرۆک کۆماری عێراق ئەو بنەما حقوقیی‌یەی "اصالة البرائة "

---

7 http://www.aina.org/confidential.htm

( ئەسل بێتاوانییە ) بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی رژیمی تیرۆریستیی حاکم بەسەر ئێراندا کە دادگای میکونوس بە سیستمی جینایەتکاری پێناسەکرد مراند و بەم کارەی رەوتی لێکۆلینەوەی دادوەرانی لێکۆلینەوەهو پۆلیسی دادوەریی ئوتریشی گۆڕی.

بەشدارانی کۆبوونەوەی بە کورد و ئێرانیی پێناسەکرد. لەعالێکدا فازل رەسووڵ نوێنەری جەلال تالەبانی و کارگێری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و کارگێری بالویزخانەی ئێران لەڤییەن بوو . دواتر دەقی راگەیاندنی باڵوێزخانەی ئێران لەسەر ئەو بابەتە و وتوێژی صحرارودی تیرۆریست و بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئێران ( دەفتەری دەزگای ئیتتیلاعاتی ئێران لە یاخسەمەر) لەگهگڵ رۆژنامەی کیهان بخوێنەوە! چ شتێک تالەبانیی هاندا بوو بۆداکۆکی لە تیرۆریستەکان ئەو ئیددیعایە بڵاو بکاتەوە ؟ ئەوکارەی تالەبانیی لە رەوتی لێکۆلینەوەکەدا کارتێکەربوو. جیالەوە تالەبانیی بە ناردنی کەسێک بە ناوی دوکتور وریا خەلکی رەواندز بۆلای ئەو دادوەرەی کە فایلی تیرۆرەکەی لەبەردەستدابوو پاکانەی بۆ صحرارودی کردبوو.

دوکیتور وریا لە قەولی تالەبانییەوە باسی بێتاوانیی صحرارودی کردبوو. ئەو ئیددیعا نارەوایە کرا بە بەڵگە بۆ نەچوونی دادوەرانی لێکۆلینەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران و راگرتنی لێکۆلینەوە لە پەیوەندیی فازل رەسوڵ بە باڵوێزخانەی ئێرانەوە. ئەو کارەی تالەبانیی رەوتی لێکۆلینەوەکەی گۆڕیی و گوشاری سیاسیی ئاخوندەکان بۆ سەر سەرانی بریاردەری سیاسیی ئوتریش ناچار بە تەسلیم کردو تیرۆریستەکانیان ئازاد کرد. محمد جعفری صحرارودی تاوانبارکراوی سەرەکیی بە بێ کۆتاییهێنان بە لێکۆلینەوەکە بەرەو تاران ئیسکۆرت کرد.

تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، سەعدی ئەحمەد پیرە لە قۆناخی یەکەم ولە یەکەمین رۆژی بە ناو وتوێژ کۆبوونەوەکەی د.قاسملوویان لەگەڵ تیرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بردبووە ماڵی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف. ئەو کۆبوونەوەیە لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ ) لەو ماڵەی خەبات مەعروفدا بەرێوە چوو. فازل رەسوڵ و براکەی لەوکۆبوونەوەیدا ئێشکگرو بادیگاردی صحرارودی و تالەبانیی بوون . بۆ ئەو کارەش لە دوو چەکی جەوازداری ژنەکەی فازل کەلکیان وەرگرتبوو. لەرۆژانی ٣٠ دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ و... ماڵی فازل رەسوڵ و براکانی کرابوو بە شوێنی کۆبوونەوە و وتوێژ. مەبەستیش ئەوە بووە د.قاسملوو و هاورێکەی متمانە بە فازل رەسوڵ بکەن. ئەو لەلایەن تالەبانییەوە کرا بە شوێنی کۆبوونەوە و وتوێژ. روداوانە هەرگیز لە لایەن جەلال تالەبانیی‌و نەوشیروان مصطفی ئەمین و سەعدی ئەحمەد پیرە و چەند کەسی دیکەش کە بۆ متمانەدان بە د.قاسملوو وەکو تالەبانیی بە پاسپۆرتی گۆردراو وبە ناوێکی دیکەوە و جیاجیا چووبوونە ڤییەن باس نەکران. مەلاعەبدوللای حەسەنزادە لە قژڵەکەی هەرمۆتەوە بە ناوی ئاگادار و بەرپرسی حدکا دوای تیرۆری د. شەرەفکەنیی بەستە ی خستبووە سەر داستانەکەی تالەبانیی و وتەکانی ( چوونی تالەبانیی بۆلای "لۆشناک" (وەزیری ناوخۆیی دەولەتی ئوتریش) و وەرگرتنی جێگا و ماشین و ٢٧ نیگەهبان بە چەکی قورس و سوکەوە بۆ پاراستنی شوێنی خەیاڵیی و ساختەی مەلا عەبدوللا حیاکیی هیچیان راست نەبوون.

**قۆناخی دوو هەمی وتووێژ**

**رێکخستن و بەرێوەبردنی پلانی " وتوێژ "ی قۆناخی دووهەم بۆ د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەگەڵ تیرۆریستەکانی رفسنجانی**

پیوەندیی گرتن لەگەل د.قاسملوو بۆ پێکهێنانی وتووێژەکەی قۆناخی دووهەم لە ڤییەن، بەپێی راگەیاندراوێکی بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن لە ٢٧/ ٧/ ١٩٨٩ و وتەکانی صحرارودی لە ٢٠/٧/ ١٩٨٩ لە رۆژنامەی کیهان دا کە بە پلانی نهێنیی جەلال تالەبانیی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی و نوێنەرەکەی لە ڤییەن بە ناوی فازل رەسوڵ رێکخرابوو بە هۆی گرتنی دوو لە تیرۆریستەکان و راکردنی سێهەمینیان پێوەندیی تیرۆریستەکان بە تالەبانیی و رفسنجانیی و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و باقری ذوالقدرەوە پسابوو. باڵوێزخانەی ئێران لە ئوتریش واقعییەتەکانی باس کردبوو و دانی پێدانابوو کە فازل رەسوڵ نوێنەری تالەبانیی و باوەرپێکراوی نیزام و... بووە لەو رووەوە زانیاریی راگەیاندراوی

باڵوێزخانە و صحرارودی لەگەڵ وتەکانی تالەبانیی لە تارانەوە ناتەبابوون. بروانە ئەو دوو بەڵگەنامەیەی ژێرەوە کە بە زمانی فارسیی لە رۆژنامەی کیهان چاپی تاراندا بلاو کرابوونەوە.!



## دیپلمات مجروح ایرانی دروین دلایل تمایل حزب دمکرات برای مذاکره با ایران را تشریح کرد

. محمد جعفری صحرارودی دیپلمات مجروح ایرانی دروین پس از بازگشت از اتریش دیروز در یک مصاحبه اختصاصی در بیمارستان بقیةالله دلایل تمایل قاسملو و حزب دمکرات برای مذاکره با جمهوری اسلامی ایران و همچنین چگونگی ماجرای ترور را تشریح کرد.

به گزارش واحد مرکزی خبر صحرارودی دیپلمات ایرانی که در ماجرای ترور قاسملو از ناحیه دهان و گردن و بازو مجروح شده است پیرامون تمایل قاسملو برای مذاکره با جمهوری اسلامی گفت: آقای قاسملو چند ماه قبل از طریق آقای طالبانی تقاضای خود مبنی بر مذاکره پیرامون بازگشت به جمهوری اسلامی ایران را به اطلاع مقامات ایرانی رساند که مورد استقبال مقامات ایرانی قرار گرفت و در پی آن دو دور مذاکرات در زمستان سال ٦٧ ومذاکرات اخیر که به ماجرای ترور انجامید نیز [illegible] انجام گرفت.

وی سپس به تشریح چگونگی ماجرای ترور قاسملو پرداخت واظهار داشت:

در روز اول مذاکرات آقای قاسملو طرح پیشنهادی خود جهت بازگشت به جمهوری اسلامی ایران را ارائه داد و در جلسه دوم پیرامون نظر دولت جمهوری اسلامی توضیحاتی به شرکت کنندگان در جلسه داده شد. ساعت ٧/١٠ دقیقه جلسه در یک اتاق کوچک انجام میشد. انتهای جلسه بود که ناگهان شخصی مسلح جلو در ظاهر شد وابتدا به سوی من که برای عکس‌العمل بلند شده بودم تیراندازی کرد که به دهان وگردن ودستم اصابت کرد وسپس بقیه حاضرین در جلسه را به گلوله بست که من دیگر متوجه نشدم وبعد از حدود ٢٠ دقیقه خود را به خیابان رساندم و کمک خواستم.

صحرارودی سپس در مورد شخص دیگری که در جلسه حضور داشت گفت: این شخص دکتر فاضل رسول نام داشت که از شخصیتهای کرد مسلمان واز روشنفکران و دانشمندان اسلامی واز دوستان و وفاداران به انقلاب اسلامی بود که ضمن تدریس در دانشگاههای وین و قاهره سردبیر نشریه بین‌المللی «الحوار» بود. وی درمبارزات اسلامی در فلسطین و مصر فعالیت چشمگیری داشت ویکی از مهمترین چهره‌های مسلمان بود که دراروپافعالیت فرهنگی وسیعی داشت. او در این سفر ٢ دوره از کتابهای خود را به آیت‌الله خامنه‌ای رهبر جمهوری اسلامی ایران وآقای هاشمی رفسنجانی رئیس مجلس شورای اسلامی اهداء کرد و قرار بود که بعد از اتمام مذاکرات به ایران سفر کند.

Kayhan 20. 7. 1989

## درخواست سفارت ایران در وین از مقامات اتریشی برای پی‌گیری جدی اقدام تروریستی اخیر

درپی اقدام تروریستی پنجشنبه هفته گذشته در وین که منجر به کشته شدن سه کرد و جراحت شدید یکی از دیپلمات‌های ایرانی گردید سفارت ایران در وین با انتشار بیانیه‌ای خواستار اقدام جدی مسئولان اتریشی در این زمینه شد.

به‌گزارش خبرگزاری جمهوری اسلامی در این بیانیه آمده است: طی ماههای اخیر باتوجه به‌تحولات موجود در کردستان عراق بعضی ازگروههای کرد ایرانی که با رژیم عراق همکاری می‌کردند ازطریق بعضی از کردهای عراقی که با جمهوری اسلامی رابطه خوبی دارند آمادگی خود را برای تغییر عملکرد گذشته و مذاکره با جمهوری اسلامی ایران در این زمینه اعلام نموده بودند.

پس از بررسی امر و انجام بعضی گفتگوهای مقدماتی و اطمینان نسبی از اینکه حرکت آنها جدی است روز پنجشنبه مذاکراتی در حضور نماینده اتحادیه میهنی کردستان عراق در اتریش به‌عنوان میانجی صورت گرفت.

براساس این بیانیه اعضای شرکت‌کننده در جلسه مورد حمله تروریستی یک یا چند مهاجم واقع و در نتیجه قاسملو و دستیارش و همچنین دکتر فاضل رسول نماینده اتحادیه میهنی کردستان عراق کشته و نماینده ایران بشدت مجروح میشود.

سفارت جمهوری اسلامی ایران در وین ضمن محکوم نمودن این اقدام تروریستی و مسئول دانستن عناصری که نتایج این گفتگوها را برخلاف منافع نامشروع خود در بهره‌برداری از این گروهها علیه مردم کرد می‌دانستند خواستار پیگیری جدی این اقدام از سوی مقامات مسئول اتریشی می‌باشد.

سفارت ایران همچنین خواستار اعمال مراقبتهای ویژه برای حفظ جان دیپلمات ایرانی می‌باشد.

27. 7. 1989

**وتوێژەکـەی صـحرارودی لـە تـاران و جیـاوازیی ئیـددیعاکانی لەگـەڵ بەیاننامـەی باڵوێزخانـەی ئێـران لـە ئـوتریش لـە خـوارەوەدا بخوێنەوە!**

**ڕاگەیاندراوەکـــەی باڵوێزخانـــەی ئێـــران لـــە ڕۆژنامـــەی کیهـــان دا کـــە وێنەکـــەی لـــە ســـەرەوەدا نیشـــاندراوە وتـــەکانی صـحرارودی[3] لەمـەڕ ئاگـادار بـوونی جـەلال تالـەبانیی لـە قۆنـاخی دوو هـەم دا ئاشکرا کـردووە. یـەکێ لـە نزیکتـرین کەسـانی فـازل ڕەسـوڵیش ڕایگەیانـدووە کـە کـەماڵ فوئـادو فوئـاد مەعسـوم( نوێنـەرانی تالـەبانیی لـە تـاران و ئاڵمـان و براکـانی فـازل و ئەحمـەد بنبێلا، لە ڕەوتی پێکهێنانی وتوێژی قۆناخی دووهەم بە تەواویی ئاگادار بوون.**

**بـە پێچەوانـەی پاکانەکردنـەکانی مـەلا عەبـدوللا بـۆ تێرۆریسـتەکان و هاوکارەکانیـان و هـەزاران تـەزویری نـاوبراو بـۆ شـاردنەوەی واقعییـــەت ، فـــازل ڕەســـوڵ نـــە هـــاوڕێێ د.قاســـملوو بـــووە و نـــە د.قاســـملوو هـــەرگیز ناســـیبووی. دواتـــر پێشـــینەی نـــاو بـــراوو پێوەنـدیی ٢٧ سـاڵەی لـە سـوریاو بـە تالەبانیی‌یـەوە چوارسـاڵی لـە لوبنـان بـە حیزبـوللای لوبنـان و تالـەبانیی یـەوە بـە پێـێ لێکۆڵینـەوەکان بـاس دەکـرێن. تالـەبـانیی لـە لوبنـان پێوەنـدیی بـە بـە ڕێکخـراوە تێرۆریسـتیی- مارکسیسـتیی‌یەکەی جـۆرج حـبش ە بووە. بڕوانە [9] کرتە بۆ ئێرەبکە و Ctrlدابگرە**

**دەوری وەکیلی هاوژینەکەی د.قاسملوو لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و دادوەران لە ڕوداوی تێرۆری د.قاسملوودا**

9 _https://www.democracynow.org/2005/4/7/iraqs_new_president_jalal_talabani_ally

لــه لێکۆڵینــەوەکانی قۆنــاخی دوو هــەمی وتــوویژ لــە دەوری ڕێکخــەر و هاوکــارە کوردەکــانی ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران و جاسوســەکانیان لــە نــاو حــدکا و ینــک و شــێوەی ڕێکخســتنەکەی تــا ڕۆژی تێــرۆری د.شــەرەفکەندیی لــە ١٧ ســێپتامبری ١٩٩٢ پرس و جۆ نە کرابوو.

مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە دوای ڕاگەیانـدنی ڕێبەرایـەتیی شۆڕشـگێری حـدکا و ئاگـاداربوونی لـە ڕاپـۆرتی خەبـەریی تالـەبانیی بـۆ وەزارەتـی ئیتتیلاعـات و کردنـی تەنزیمەکـەی تالـەبانیی بـە بەشـێک لـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لەرێکـەوتنی لەگـەل بـاقری نوالقـدر و جێگربـوونی صـحراروەی لـە یاخسـەمەر هاوکـاریی خـۆی لەگـەل تالـەبانییو تەنزیمەکـەی پـەرە پێـدابوو. بـە جۆرێـک کـە شـیخ علـی فلاحیـان لـە ٣٠ ئاگوسـتی١٩٩٢ واتـە ١٦ ڕۆژ پـێش تێـرۆری د،شـەرەفکەندیی لـە تـاران لەتەلـەویزیۆنی دەوڵـەتیی ئێـراندا گوتبـووی: پێشـتر لـە دەرەوەی ولات لـە حـدکامان سـرەواندووە و لـە داهێـش دا تیی‌دەسـرەوێنین. هـەروا ڕایگەیانـدبوو کـە توێژێـک لـە ڕێبەرایـەتی حـدکامان لـەژێر چنگـی ئـەو دایـە. ئەوبابـە بـە ئالمـانیی نووسـراوە و پێشـتر لـە ئالمانییـەوە کـراوە بـە کوردیی و پێشتر وەرگێردراوەکەی بلاو کراوەتەوە.

**چوونی د.قاسملوو بۆ فەرەنسە بۆ وەرگرتنی ویزا ی سەفەر بۆ ئەمریکا**

ئاگـــادار کردنـــی هاوکارەکوردەکـــانی ڕژیمـــی تێـــرۆری کۆمـــاری ئیســـلامیی لەســـەر چـــوونی د.قاســـملوو بـــۆ دەرەوەی ولات ( ئوروپـــاو ئـــەمریکا ) و بەشـــدارییکردنی د.قاســـملوو لەکۆنفەرانســـێکی مافـــەکانی مـــرۆڤ لـــە ئـــەمریکا لەگـــەل مـــادام میتێـــران، هـــاوژینی ســـەرۆک کۆمـــاری بـــەرێی فەرەنســـە و نیگـــەرانیی ڕژیمـــی مـــەلاکان لەوســـەفەرەی د.قاســـملوو، بـــووە هـــۆی وەگەرخســـتنەوەی قۆنـــاخێکی دیکـــەی بـــە نـــاو "وتـــوێژ" و ڕکـــێش کردنـــی د.قاســـملوو بـــۆ نـــاو داوی تێـــرۆر. بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو دوای قۆناخی یەکەم ٦مانگی تەواو کاری بۆکرابوو.

**قۆناخی دوو هەمی وتوێژ و کۆتایی هێنان بە ژیانی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر لە ڤیەن**

لـــە ١٩٨٩/٧/١٣ بەشـــی دووهـــەمی پلانەکـــەی بـــاقری ذوالقـــدر و هاکارەکـــانی ســـەر بـــە ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران کـــە لێـــرەدا بـــە قۆنـــاخی دوو هـــەم نـــاودێرکراوە کۆتـــایی بـــە ژیـــانی د.قاســـملوو و عەبـــدوللا قـــادریی ئـــازەر هێنـــرا. لێـــرە بەدوا لێکۆلینەوەی پۆلیسی دژەتێرۆر و دادوەرانی لێکۆلینەوە ... بە پێێ بەڵگەنامەکان دەخرێنە بەرچاو.

دەورێ مـــەلا عەبـــدوللاو دژبـــەرانی د.قاســـملوو (خـــۆیی و دەرەکیـــی کـــورد و ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران ) بـــە کـــەڵک وەرگـــرتن لـــە ســـەرجەمی ئـــەو ســـەرچاوانەی کـــە تائـــەم کاتـــە شـــاراوە بـــوون، یـــان لـــە لایـــەن مەلاعەبـــدوللاو تیمەکەیـــەوە شاردرابوونەوە باس دەکرێن.

**یەکەم ڕاپۆرتی پۆلیس لە تێرۆرەکە**

**ڕاپۆرتی پۆلیسی کێشک لەمەر کوژرانی ٣ کەس لە مەنتیقەی ٣ لە ڤیەن لە لینکە نانگاسێ**

کـــاتژمێر نـــۆزدەو چـــل خولـــەکی ڕۆژی ١٣-٧-١٩٨٩، بەرپرســـی بەشـــی کێشـــکی ڕۆژانـــە بـــە بێســـیم ڕایگەیانـــد کـــە لـــە مەنتیقـــەی ٣ لـــە کـــۆڵانی لینکـــە بانگاســـێ، لـــە بینـــای ژمـــارە پێـــنج، ئاپارتمـــانی ژمـــارە دوازدە، لـــە هێرشـــێک دا ٣ کـــەس بـــە گوللـــە کـــوژراون و یـــەکی دیکـــەش بـــە تونـــدیی برینـــدار بـــووە. زانیارییـــەکان حیکایـــەت لـــەوە دەکـــەن کـــە ئـــەو ڕوداوە پێوەندیی بە دیپلۆماتە ئێرانییەکانەوە بووە.

دوای ڕاگەیانـــدنی خەبـــەری کـــوژرانی ســـێکـــەس لـــە مەنتیقـــەی٣ لـــە لینکەبانگاســـێ لـــە لایـــەن بەرپرســـی بەشـــی کێشـــک، پســـپۆرانی بەشـــی لێکۆلینـــەوە لـــە تـــاوان بـــۆ ئـــەو شـــوێنە کـــە پێشـــتر پـــۆلیس لێـــی جێگیرببـــوو وەرێ کـــەوتبوون. دواتـــر زانـــرا کـــە ئـــەو "برینـــدارە"ی" کـــە باســـی کـــرا توانیبـــووی لـــە شـــوێنی ڕوداوەکـــە دوور بکەوێتـــەوە و لـــە ســـەر شـــەقامی نزیـــک بـــە شـــوێنی ڕوداوەکـــە بەســـتە پـــۆلێکی لـــە باخـــەلی کەســـێکی دیکـــە ئـــاخنی بـــوو. ئـــەو کەســـە نـــاوی: امیـــر منصـــور بزرگیـــان اصـــل لـــە دایکبـــووی ســـاڵی ١٩٥٨ لـــە شـــاری تـــاران بـــووە. نـــاوبراو خـــاوەنی پاســـپۆرتی ژمـــارە 054009 بـــووە و لـــە ڕێکـــەوتی ١٩٨٩ وەریگرتبـــوو. بـــۆ دیتنـــی وێنـــەی خـــاوەن پاســـپۆرتەکە کرتـــە بۆ ئێرە بکەو Ctrl دابگرە! ناوبراو وێنەی دیکەشی هەبووە کە دواتر دەخرێنە بەرچاوی خوێنەری بابەتەکە.
پـــۆلیس لـــە ڕاپۆرتەکـــەیدا نووســـیویە کـــە خـــاوەنی ئـــەو پاســـپۆرتە شـــارەزای هـــیچ زمـــانێکی دیکـــە نـــەبووە و بـــۆ پـــۆلیس نـــەلوابوو لـــە پـــەیوەنـــدیی ئەوکەســـە بـــە ڕوداوەکـــەوە و ئـــەو بـــڕە پارەیـــە کـــە خوێنـــاوی بـــووە و لـــە گیرفـــانی ئاخندرابوو پرسیاری لێ بکا.
لەبـــەردا یەکـــەم کارێـــک کـــە کرابـــوو بردنـــی ئەوکەســـە بـــۆ شـــوێنی ڕوداوەکـــە بـــووە تـــا زانیارییـــە ســـەرەتاییەکان و پێوەندیی یەکەی بەو ڕوداوە وە بزانرێ.

١٩٨٩/٧/١٣

**ڕاپۆرتی پۆلیس لەسەر دیمەنی شوێنی روداو و یەکەم کەترەخەمیی یان هەڵەی پۆلیسی شاری ڤییەن لە رەوتی لێکۆڵینەوە دا**

پەیکەری کوژراوەکان و ژمارەیەکی زۆر قاپوڕە فیشەک لە شوێنی روداو لە ئۆدەکەدا دەبینەدرێن کە کوژراوەکان بە چەکی گەرم کوژراون.
یەکەم کارێک کە پۆلیس لەو دەمەدا دەبوو بیکا و نەیکردبوو ناردنی ئەو دوو تێرۆریستە بۆ تاقیکردنەوەی شوێنەواری بەجێماوی باروتی گوللەی تەقێندراو بە دەستیانەوە بووە. دەبوو شوێنی قامکەکانیان و باروتی گوڵلەی تەقێندراو لە چەکەکان کە بۆماوەیەکی کورت بە دەستی گوللەتەقێنەوە دەمێنێ بۆ ناسینەوەی تاوانبار دیاریی بکرێ.

**امیر منصور بزرگیان اصل** یەکێ لە گومانلێکراوان لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٤ بۆ تاقیکردنەوەی شوێنەواری باروت بە دەستیەوە لەگەڵ ژنە دیلمانجێک بۆ تاقیکردنەوە ئاسەواری EKF ناردرا بوو.
بەرپرسی شوێنەکە رایگەیاندبوو کە ئەو کەسە درەنگ ناردراوە و ئاسەوارەکە ئەگەر هەبووبێ لە ناو چووە.
ئەزموونی کارگێرانی رژێم بۆ ئاسانکاریی بۆ تێرۆریستەکان لەوپەرێ خۆی دابووە. تێرۆریستەکان لە ئیمکانات و ئاسانکاریی بۆ دیپلۆماتەکان کەڵکیان وەرگرتبوو و راستەوخۆ دەستیان بە بالوێزو بەشی ئەمنییەتیی باڵوێزخانە راگەیشتبوو و توانیبوویان لە زۆر دەرفەت بۆ راکردن و نەکەوتنە بەر دەستی پۆلیس کەڵک وەربگرن. هۆیەکەش ئەوە بووە کە تێرۆریستەکان خاوەنی پاسپۆرتی سیاسیی بوون.

**ئەندامێکی حدکا و بردنی لە لایەن پۆلیسەوە بۆشوێنی روداوەکە**

ئەندامێکی حدکا بە ناوی خوسرەو بەهرامیی خوێندکار لە شاری ڤییەن بە پێی وتەی پۆلیس لە گەڵ دوو کەسیدیکە لە هاورێیانی لە پیادە رێی لینکە بانگاسە ژمارە ٥ بە پۆلیسی رایگەیاند بوو کە خۆی و دوو هاورێکەی چاوەروانی هاتنی د.قاسملووو عەبدوللا قادریی بۆ بەردەرگای هۆتێل هیلتۆن بوون کە پێشتر قەراریان دانابوو لەوشوێنە یەکتر ببینن. بەهرامیی دەڵێ:"پێمان ئەسپێردرابوو لەو شوێنە چاوەروانی هاتنی د.قاسملوو بین". بە پێی زانیاریی بەهرامی دەبوو د.قاسملوو لەگەڵ سێ کوردی پلە بەرزی سیاسیی رۆژی دواتر واتە ١٩٨٩ /٧/١٤ قەراری چاوپێکەوتنی لەگەل د.هاینز فیشێر هەبووبێ. خوسرەو بەهرامیی دوای ئاگادار بوون لە کوژرانی سێ کەس لەنزیک ئەوشوێنە رادەگەیەنێ کە حازرە دەگەڵ پۆلیس هاوکاریی بکا و بچێتە شوێنی روداوی کوشتنی سێ کەسەکە و دوای ئەوە بچێتە نەخۆشخانەیەک کە برێندارەکەیان بۆ ئەوێ راگواستبوو.

**ئاپارتمانی ژمارە ١٢ لە بینای ژمارە ٥ ی کۆلانی لینکە بانگاسێ مە نتیقەی ٣ شاری ڤییەن ( شوێنی تێرۆری د.قاسملوو و ...**

**رێکەوتی ١٣/ ٧/ ١٩٨٩**
**یادداشتێکی پۆلیس لە سەر کرێگرتەی ئاپارتمانی ژمارە ١٢ ل بینای ژمارە ٥ (شوێنی روداوی ٣ کوژراو )**

**وتەکانی رێناتە فایستاوێر، کرێگرتەی ئاپاتمانی ژمارە ١٢ لە بینای ژمارە ٥ ی لینکە بانگاسێ**

رێناتە فایستاوێر ، مامۆستای قوتابخانە، لە دایکبووی شاری ڤییەن، ئوتریشیی ناونیشان، ڤییەن مەنتیقەی ٣ ، لینکە بانگاسێ ١٢ /٥ بە ئاگاداریی پۆلیس لە ١٩٧١/١١/٩ وە لەوشوێنە ژیاوە و ئاگاداریی خۆی لەو بابەتە کە پرسیاری لێدەکرێ بەم شێوەیە رادەگەیەنێ:
ئەو کرێگرتەی سەرەکیی ئاپارتمانی ٥/١٢ لینکەبانگاسەلە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەنە. مەبەستی ئەو شوێنەیە کە کوشتارەکەی لێکراوە و دەڵێ: لە مانگی یولیێیەوە لەو ئاپارتمانەدا نەژیاوە. لەو ماوەیەدا لەماڵی دەستە خوشکێکی بە ناوی کرێتە کێرنێگر لە مەنتیقەی ١٤ ڤییەن ژیا بوو. ناوبراو لێ زیادکردووە و گوتوویە کە لە رۆژی ٨ی ئەو مانگەوە( مانگی ٧) کلیلی ئەو ماڵەی بە دۆستێکی کوردی خۆی بە ناوی فازل رەسوڵ ئەسپاردبوو. رێناتە دەڵێ: رەسوڵ ئەو ماڵەی پێویست بوو و دەیویست میوانەکانی لەوێ جێگیر بکا. رێناتە رادەگەیەنێ کە نەیدەزانی کە رەسوڵ دەیویست کێ لەوێ بحاوێنێتەوە و ئاگادار نییە و دەڵێ لە فازل رەسوڵی نەپرسیبوو و لێیزایاد دەکا کە لە رابردووش دا زۆرجار بۆ مەبەستی ئاوا ماڵەکەی خستبووە ژێر دەستی رەسوڵ.
رناتە دەڵێ: لە بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی " کات و وێنە ژمارە ٢( چایت ئوند بیلد ٢ ) خەبەری کوژراوەکانم لە ماڵەکەی خۆم دا بیست. لەو رووەوە من بە تەلەفون پێوەندیم بە کێشکی بەشی ١ پێراگەیشتنی خێراوە گرت ئەوانیش بۆ ئێرەیان رێنوێنی کردم و زانیاریی تەواوم پێدرا. ویستم لەگەل دوکتور کێسلێر بچمەماڵەکەو بە پێی ئیمکان کوژراوەکان بناسێن. بە متمانەوە دەبێ بڵێم فازل رەسوڵ یەکێ لەو کوژراوانەیە. دووهەمیان د.قاسملووە. من خۆم قاسملووم نەدەناسی، وێنەکەی بۆمن ئاشنابوو. من نەمدەزانی کە ئەو ئەمرۆ لەماڵەکەی

مـن بـووه. كـوژراوی سـێهەمم نەدەناسـی. مـن ئاگـام لـە کۆبوونـەوەی هەیئـەتێکی کـورد لـە مالەکـەی منـدا نـەبووه. مـن کە پرسیارم لێبکرێ کە شتێکی زیاتر لەمەر ئەو روداوە دەزانم دەڵێم شتێک لە روداوە نازانم.
ئاشـنایەتی مـن ورەسـوڵ دەگەرێتـەوە بـۆ ئـاخری سـاڵی ٧٠ لـەو سـالەدا نـاوبراو بۆچوونـە زانسـتگە خـەریکی خوێنـدنی زمـانی ئالمـانیی بەرلەچوونـە زانسـتگە لـە WienerVorstudienlehrgang بـوو . مـن لەوکاتەدابـە نـاوی هێـزی یارمەتیـدەر خـەریکی کـار بـووم. لەسـەرئەوبابەتە ئێسـتا شـتێکم بـۆ گـوتن نیـە . ئەگـەر پرسـیارێکی دیکە هەبێ من لە خزمەتدام و ژمارە تەلەفونەکەشم ئەوەیە......

سەرچاوەکان

١– کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ، نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین لاپەرەکانی ١٠٥ –١٠٤ و ١١٢–١١٣ چاپی بێرلین و سلێمانی ساڵی ١٩٩٩

٢– کتێبی خولانەوە لاپەرەکانی ١١٢– ١١٣ نووسینی نەوشیروان مصطفی سالی ١٩٩٩ چاپەکانی یەکەم و دووهەم سولەیمانیی و بێرلین

[٣]_کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە بەرگی یەکەم ١٩٩٧ پارتی دێموکراتی کوردستان

٤– هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا لە پێداچوونەوەکەی دا بە دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان

٥– کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ١١٢–١١٣ و ١١٤ نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین چاپی ١٩٩٩ لە برلین و سلێمانیی

Plaedoyer im Mikonos– Prozess S. 16 Paragraph

Hans – Joachim Ehrig ئاخر دیفاعی وەکیلی یەکێ لە تێرۆرکراوەکانی جینایەتی بێرلین لە دادگە لاپەرەکانی ١٦ و ١٧

**نووسەر بەرپرسی وشەبەوشەی لێکۆلینەوەکە یەتی**
**نووسەر سوپاسوێژی بەرێوەبەرانی دەست رەنگین و هێژای سایتە زەنگینەکانی**
**١– بۆکان ، رۆژهەلات ٢– پێشمەرگەکان ٣– هەڵوێست و رۆژی کورد. ئینفۆ یە.**

Bokan, rojhelat,peshmergekan, rojikurd.info, helwist

دریژەی دەبێ





**محمد باقر ذوالقدر در قرارگاه رمضان**

**بە جل و بەرگی کوردییەوە و سالەکانی دواتری**